پڕۆژەی: کتێب باشترین هاوڕێی-٦-

# خەونی حوشتر

نووسینی: شاخەوان عەلی مامۆکی



ناوی کتێب: خەونی حوشتر
بابەت: چیرۆکی منداڵان
نووسەر: شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی
پێداچوونەوە و پێشەکی: فەرهاد قادر ئۆمەر
تایپ:سەباح حاجی عەلی شەنەغەیی
نەخشەسازی: نەهرۆ عەلی مامۆکی
تیراژ: ١٠٠٠دانە
چاپ: یەکەم-٢٠١٢
چاپخانە: بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر



لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی (٧٧٢)ی ساڵی (٢٠١٢)ی پێی دراوە

# پێشەکی

***فەرهاد قادر ئۆمەر***

منالآنی خۆشەویست، ئەم نامیلکە خنجیلانەیەی مامۆستا (شاخەوان علی حەمەد)ی نووسەر کۆمەڵێك چیرۆکی قەشەنگی بابەت پەروەردەییانەی مندالآنی لەخۆگرتووە کەئێوەی جگەرگۆشە پێویستیتان پێیەتی بۆ ئەوەی لەژێر رێنماییەکانی ئەو چیرۆکانە ژیانتان بەباشترین شێوە رێك بخەن وبتوانن پەیوەندیەکی تەندروست وباش لەگەڵ دەوروبەردا پەیدا بکەن.. بێگومان وەکو لەناوەرۆکی چیرۆکەکانی ئەم نامیلکەیەدا هاتووە کە پەیوەندی تەندروست وباش لەگەڵ دەوروبەردا تەنها لەرێگەی کاری باش وهاوکاری نێوان مرۆڤەکانەوە دێتەدی لەژینگەیەکی پڕ لەخۆشەویستی.. بۆیە پێویستە ئێوەی ئێسك سووك هەمیشە بەچاوی خۆشەویستیەوە بڕواننە ژیان، تەنانەت بیکەن بەیاسا کە هەموو کەس وشتەکانی دەوروبەرتان خۆش بوێت.. گەر ئەمە کرا، ئەوا ژیانمان خۆش دەبێت ولەگەڵ یەکتر ئاسوودەو بەختەوەر دەبین، ئیدی ئەو کاتە ئێمە دەچینە خانەی ئەو میللەتانەی ناسراون بەشارستانی. هەر لەو پێناوەدا نووسەر ئەم نامیلکە چیرۆك ئامێزە خنجیلانەیەی کردۆتە دیاری ئێوەی ئازیز، بەو ئومێدەی ئامۆژگاریە پر بەهاکانی نێو چیرۆکەکانی ئەم نامیلکەیە ببێتە مایەی بەختەوەری ئێوەی ئێسك سووك وقەشەنگ.



# تیمساح و كارمامزێكی ساویلكه



هــەبوو نــەبوو كارمــامزێكی* ســاویلكەو نــەفام هــەبوو، چــونكه زۆر ساویلكه بـوو، لەشـت ورد نـەدەبۆوه بزانـیَ ئـەو شـته چـۆن وادەبـیَ و وانـابیَ، ڕۆژێكیـان لـەناكاو دایكـی لێـی ونبـوو نـەیزانی چـی لێهـات و چـووه كـویَ، لـەتاوا هـەموو بەیانیـەك لەگـەڵ گزنگـی خۆرهـەتاودا بـۆ سـۆراخی دایكـی دەچـووه دەرودەشـت وسـەری بەگشـت كـونج و كەلەبەرێك دادەگرت.. بەره بەری نیوەڕۆش بۆ تاویَ دوان دەچووه ژێـر سێبەری ئەو داره زلەی كه له كەناری ڕووباری ئەو دەوروبەره ڕوابوو، بـەبیَ دەنگـی لێـی ڕادەكشـا، گوێـی لـه خـوڕه خـوڕی ئـاوی ڕووبارەكـه

ڕادەگـرت و سـەیری دیمەنـە جوانـەکانی دارو دەوەن و چـیاکانی ئـەو بەری ڕووبارەکەی دەکرد.
تیمسـاحێکی بـۆر* هـەبوو چـەند جارێـك لـەو کارمـامزە نزیـك بـووەوە پـەلاماری دابـوو تـا بیخـوات، بـەڵام کارمامزەکـە لـەو کاتانـە بـەئاگابوو بەخێرایی ڕاست دەبۆوە، ڕایدەکرد و ئەو شوێنەی بۆ شوێنێکی دیکە جێ دەهێشت.
ڕۆژێکیان تیمساحەکە لـە نـاو ڕووبارەکـەوە ڕووی کـردە کارمامزەکـە و پێی وت: مامزەگیان خێرە ئەوە ڕۆژانە دێیە ژێر سێبەری ئەم دارە و بۆ ماوەیەکی باش لە بن ئەم دارە دادەنیشی و تەماشای ئەمبەر دەکەیت؟
کارمامزەکـە وتـی: چـەند ڕۆژێکـە دایکمـم لـێ ون بـووە، نـازانم چـووەتە کوێ بۆیە بەدوایا دەگەڕێم بیدۆزمەوە!
تیمساحەکە دایە قاقای پێکەنین و وتـی: چما ئەوە لـە دایکـت دابـڕاوی، ئـەی بـۆ زووتـر قسـەت نـەدەکرد، دڵتـەنگ مەبـە هێشـتا کـات بەبەریـەوە مـاوە، دایکـت سـەلامەتە، مـن دایکـتم بەسـەر پشـتی خـۆم لـەم ڕووبـارە پەڕاندەوە ، دەزانی بۆچی من ئەو کارەم کرد؟
کارمامزەکە وتی: نا بەخوا، جا بەچـی دا بـزانم خـۆ دەسـتی خـۆمم بـۆن نەکردووە.
تیمساحەکە بەپێکەنینەوە وتی: لەم ڕۆژانە ڕاوچییەك بەخۆ و دەسـتی تفەنگیـــەوە کـــەوتبووە دوای مامزەگیـــانی دایکـــت تـــا بیکـــوژێ و گۆشتەکەی بخوات، ئەویش ها لێرە بۆ ئەوێ کاتێ گەیشتە ڕۆخـی ئـەو ڕووبارە، تەماشای کرد هەموو ڕێیەکی لێگیراوە، شوێنێ نییە خۆی لـێ

قوتاركا، ناچاره يان دەبێ خۆی بەدەستەوە بدات بەمەش ژيانی بەكۆتادێ و ڕاوچييەكە بەئاسانی ڕاوی دەكات ياخود دەبێ خۆی بەو ئاوە دابدات بەمەش چونكە مەلەوانی نازانێ ئيتر كە كەوتە ئاوەكەوە يەكسەر دەخنكێ. هانای هێنايە لام و خۆی دەخيلم كرد بەڵكو بەفريای بكەوم، منيش لێتی ناشارمەوە كە ئەوهام بينی، زۆرم سك پێی سووتا، بەپەلە چوومە تەنكايی ئاوەكە و پێموت: دەی كات بەری ئاوەڕدانەوەی نييە، خێرا وەرە سەر پشتم تا ڕاوچييەكە نەيپێكاوی با لەدەستيت ڕزگاركەم، ئەويش بەهەناسەی سوارەوە سوپاسی كردم و بەخێرايی هاتە سەرپشتم، كەوتمە خۆ و لە ئاوەكەم پەڕاندەوە، ئێستاش مامزەگيانی دايكت ئەو چاكەيەی هەر لەبەرچاوە و ئەوەندەی بێتە ئەو دەوروبەرە، سەردانيم دەكات و تاوێ دوان لەلام دەمێنێتەوە.



تيمساحەكە بەدەم ئەو قسانەوە هێدی هێدی خۆی گەياندە كەناری ڕووبارەكە و كلكی خستە دەرەوەی ئاوەكەوە وتی: ئێستاش ئەگەر حەز دەكەی دايكت ببينی بەهێواشی وەرە سەرپشتم با يارمەتيت بدەم لەم ڕووبارەت بپەڕێنمەوە.

لەو کاتەدا ڕەوە مامزێك هاتە دەم ڕووبارەکە بۆ ئەوەی خۆیان تێرئاو بکەن..یەك لە مامزەکان کە گوێی لەو دەمەتەقێیە بوو، بەدەنگێکی بەرزەوە ڕووی کردە کارمامزەکەو وتی: هۆۆۆۆ، نەکەی بچیە سەر پشتی، هااااا ئەو تیمساحە درۆ دەکات، ئەو تیمساحە درۆزنە.

تیمساحەکە بە تووڕەییەوە ڕووی بەلادا وەرگێڕا و وتی: قەت شەرمت بەخۆ نییە، بۆ لەخۆتەوە قسە دەکەیت، بەژیانت درۆت لە من بینیوە؟

هەر ئەو مامزە وەڵامی دایەوە وتی: بێگومان ئەگەر درۆتم لیَ نەبینیبیَ چۆن دەتوانم بوختانت بەدەمەوە بکەم، هەر تۆ نەبووی لەسەر ئەم ڕووبارە ئەو پردەی دروستت کردبوو جاشکە کەریَ وەکو ئەو کارمامزە بچووکە داماوە بەدوای دایکی دەگەڕا، تۆ بەدرۆ فرمێسکت بۆی ڕشت گوایە لەخەمیدای، هااااا، ئێستاش قسەکانتم لەبیرە بە جاشکەکەت وت: من دڵتەنگم بەوەی دەبینم لەدایکت دابڕاوی، دایکت چەند جاریَ هاتە ئێرە بتبینیَ بەڵام چونکە کێشی قورس بوو نەیتوانی بەسەر ئەم پردە بپەڕێتەوە، بەڵام تۆ سووکی قەینا ڕێت پێدەدەم بەسەر پردەکەم بپەڕییەوە، ئەوەبوو جاشکەکە وتی: ئاخر دەترسێم ئەو پردە ڕامنەگریَ کە چوومە سەری یەکسەر بەربمەوە، تۆی تیمساحیش بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە تا لەخشتەی ببەیت، پێتوت: خەم مەخۆ وا لەخوارەوە پشتمت بۆ ڕادەخەم خوانەکا ئەگەر کەوتیتە خوارەوە بکەویە سەر پشتم و ئاوی ڕووبارەکە نەتبا.. جاشکی بەستەزمانیش بەهێواشی پێی خستە سەر پردەکە و چەند شەقاوێکی هاویشت، لەناکاو پردەکە ڕووخا و ئەویش بەربۆوە، تۆش لەجیاتی پشتی بۆ

**بگرییـەوە، دەمـت بـۆی هەڵپچڕی و بۆیـت کـردەوە بـەفریای کـەوتی، نەتهێشـت بکەوێتـە ئاوەکـەوە، هـەر لەئاسمانـەوە تونـد قوڕگیـت گـرت و بـەرەو قـۆڵایی ئاوەکـەت بـردت و خـواردت، بۆیـە مـامزی بچـووك ئامۆژگاریت دەکەم نەچیە سەر پشتی.**

**تیمساحەکە ڕووی بـەلای کارمامزەکـە سـووڕاند و وتـی: مـامزە گیـان گوێیان لێمەگرە ئەوانە حەز ناکەن دایکت بدۆزییەوە ئەگینـە قەت ئەو قسانەیان نەدەکرد.**

**کارمامزە بچکۆڵانەکە بێ بیرکردنەوە وتـی: قسـەکەی تـۆ تـەواوە ئەوانە ئەگەر پێیان خۆشبێ من دایکم بدۆزمەوە دەیانتوانی دوو قسەی خێرم بۆ بکەن.**



**تیمساحەکە وتی: کەواتە گوێیان لێ مەگرە، دونیا تەواو گۆڕاوە ئەگەر یەکێ حەزی پێت نەکرد قسەی باشت بۆ ناکا، دەی خێرا وەرە سەر پشتم با یارمەتیت بدەم بتپەڕێنمەوە.**

**کارمـامزی بچـووکی بـەو قسـانە فریـوی خـوارد، بەهێواشـی لـە تیمساحەکە نزیك بۆوە وایدەزانی ئەوەی قسەی خۆشی بۆبکات ئەوە**


ڕاست دەکات، چووە سەرپشتی و وتی: دەی بۆرەگیان بکەوە خۆ جوان خۆمم گرتووە.

تیمساحەکە بەهێواشی بەرەو قوڵایی ڕووبارەکە ڕۆیشت، لەنیوەی ڕێ خۆی وەرگێڕا و توند قورگی کارمامزی گرت و بەرەو بنەوەی ئاوەکەی برد و خنکاندی و خواردی.

مامزەکان کە لە ئاوخواردنەوە بوونەوە، بەو دیمەنەی بینیان هەستیان بەناڕەحەتیەکی زۆر کرد،یەك لەمامزەکان وتی: من دەمێکە وتوومە ئەگەر دوژمن بووە پرد بەسەری مەپەڕێوە، دەی با بڕۆین.

هەموویان ڕووی خۆیان وەرگێڕا و بە خەمباریەوە ئەو شوێنەیان بەرەو قوڵایی دارستانەکە بەجێ هێشت.

* * *



<u>**بۆ زانیاریت:**</u>

***مامز: (ئاسك)، (ئاسکە)یشی پێ دەڵێن***

***کێشی تیمساحی مێیە نزیکەی ١٦٠ کیلۆیە و تیمساحی نێرەش کێشەکەی نزیکەی ٣١٠ کیلۆیە* پێستی تیمساح گوڵلە نایبڕێ*پێستەکەی لە چەرمسازیدا بەکاردێ* جۆرە هۆرمۆنێکیش دەڕێژێ کە ماددەیەکی بەنرخی تێدایە لەدروستکردنی جۆرە بۆنێکی نایاب و سیحراوی دا بەکار دەهێندرێ.**

# بەچکە ژووشکێك



دەگێڕنـەوە لـەزەمانی زوو لەدارسـتانێکدا بەچـکە ژووشـکێکی*هـەژارو دەسـتکورت لەگـەڵ دایکـی دەژیـا، ڕۆژێکیـان کـت و پـڕ دایکـی بەچـکە ژووشکەکە نەخۆش کەوت.. بەچکە ژووشکی بەستەزمان چەندە سەری هێناو برد لەماڵەوە هیچیان نەبوو بیباتە بازاڕ بیفرۆشـێ تـا بەپارەکـەی داودەرمان بۆ دایکە نەخۆشەکەی بکڕێ.. گـەلێ غـەمبار بـوو، کـە بیری کـردەوە هـیچ ڕێگەییـەکی لەبـەردەم دا نییـە جگـە لـەوەی بچـێتە لای برادەرەکـانی بـەڵکو یارمەتیـەکی بـدەن، ماڵـەوەی جێهێشـت، چـووە لای هاوڕێکـانی، بەپەرۆشـەوە سـەیری یەکـە یەکـەیانی کـرد و پێیـانی وت: دایکم گەلێ نەخۆشە و حاڵی باش نییە، پەنام وەبەرتان هێناوە، تکا دەکەم ئەگەر بەقەرزیشبێ دەستبارییێکم بکەن ویارمەتیم بدەن، بەڵێنبێ ئەگەر شتێکم دەست کەوت بەزوویی پارەکەتان بۆ بگێڕمەوە.

ژووشکی یەکەم پێی وت: ببوورە من وەکو خۆم هیچم لەدەست نایێ، ئەگینە نەك بەقەرز، بەگەردەن ئازایی شتێکم پێ دەدایی و لێشتم وەرنەدەگرتەوە.

ژووشکی دووەم پێی وت: من ئەگەر بڵێم هەر هیچم نییە دەبێتە درۆ، بایی ئەوەندە پارەی وشکەم لەماڵەوە هەیە بەڵام بڕیارێکە و داومە کە بەژیانم پارە بەقەرز نەدەمە کەس با ئەو کەسە باوکیشمبێ.

ژووشکی سێیەم پێی وت: من تێناگەم کەی باوی قەرز ماوە، تۆ شوکر بەتوانا و تاقەتی، بۆ ناچی ئیشێك بۆخۆت بدۆزییەوە بیکەی، ئەمە باشتر نییە لەباتی ئەوەی دەست لەم و لەو پان بکەیتەوە!

ژووشکی یەکەم دووبارە زمانی هێنایە گۆو وتی: ئەگەر دەتەوێ دایکت چاك بێتەوە، چارەی تۆ تەنها دزی کردنە، بەدزیکردن لە تڕومنەتی ئەم و ئەو دەردەچی و چ تووشی قەرز و قۆیش نابی.

ژووشکی بچووك بەپێکەنینەوە ڕووی بەلادا وەرگێڕا و وتی: ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی، لەجیاتی ئەوەی بۆ کاری چاك و باش هانم بدەیت، ڕێم بۆ دادەنێی دزی بکەم، بەڕاستی تۆ هاوڕێی تەنگانە نی، ئەگینە قەت ئەوها بیرت نەدەکردەوە، دەی بەیارمەتیتان.

ژووشکی بچووك بەدڵتەنگییەوە پێی هەڵێنا، بەدەم ڕێگەوە بیری لەقسەکانی هاوڕێکانی دەکردەوە، دەیوت: هاوڕێی باش ئەوەیە لەکاتی تەنگانە بەفریای هاوڕێیەوەبێ.. فەرموو دونیا کاول دەبوو ئەگەر هەر یەکەیان تەنها بەقسەیەکیش بایە دڵی بدامایەوەو یارمەتیان بدامایە؟

بەو خەمبارییەوە تاوێ ڕێی کرد تا پڕتاو پارچە زێڕێکی بەرچاو کەوت، لەجێوە وەستا، داهاتەوە دەستی گەیاندە زێڕەکە و هەڵیگرتەوە، لەبەر خۆیەوە وتی: ئاااای خوایەگیان دەبێ ئەم زێڕە لە چ کەسێ کەوتبێ و کێ بزری کردبێ؟ بزانە من چەندە پێویستیم بەپارەیە و چیم دێتە پێش؟ ئەگەر ترسی خودام لەدڵ نەگەڕێ، کێ دەزانێ هەر ئێستا بەبێدەنگی دەیبەمە بازاڕ و بەپارەیەکی باشی دەفرۆشم، ئەوجا چ جای کڕینی داودەرمان بۆ دایکم، پارەیەکی باشیشم بۆ دەمێنێتەوە، بەڵام شتی وا ناکەم، دڵنیام ئەوە بۆ تاقیکردنەوەی منە ئاخۆ ئەگەر شتێکم دۆزییەوە، ئەو شتە دەخۆم یاخود بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێنمەوە؟



لەو بیرکردەنەوەیەدا بوو، یەك لەژووشکە هاوڕێکانی بەخێرایی بەتەکیدا تێپەڕی، سڵاوی لێ کرد،پێی وت: ژووشکی هاوڕێم بۆ وا لەسەر ئەم ڕێیە داماوی؟ ئەویش وەڵامی دایەوە وتی: ئەوەی راستی بێ ئێستا پارچە زێڕێکم دۆزیەوە، ئەرێ نازانی کەس زێڕی بزرکردبێ تا زێڕەکەی بۆ بگێڕمەوە؟

ژووشـکەکە ڕاوەسـتا و دایـە قاقـای پێکـەنین وتـی: هـەی بـێ یـەخباری سـاویلکە، بزانـە خـوای پـەروەردگار دەرگـای لـێ کردوویتـەوە ئیـدی بۆچی شەق لەبەختی خۆت دەدەی، هەر تۆ نـەبووی پێش تـاوێ داوای یارمـەتیت لـێ دەکـردین پـارەت بەقـەرز بـدەینێ، ئێسـتاش نەچـووە و بچێ ئەو زێڕەی بێ ماندووبوون بەردەستت کەوتووە، کـەس نـازانێ و منـیش دوور و نزیـك قسـە ناکـەم، بـڕۆ بـۆ خـۆت بیبـە بیفرۆشـە و بەپارەکـەی داودەرمـانی بـۆ دایکـت پـێ بکـڕە و ئەوەیشـی مایـەوە هەمووی نۆشکە، عافیەتتبێ.

ژووشکی بچووك وتی: ئەگەر لەبرسان بمرم، کاری وا نابەجێ ناکەم.

ژووشکە هاوڕێکەی پێی هـەڵێنا و ڕۆیشت، تـەواوێ دوورکەوتـەوە، کە ئـاوڕێکی بەپەلـەی دایـەوە پێـی وت: هـۆۆۆ ژووشـکی بچـووك ئـەوە نیعمەتێکە و خوا بۆی ناردووی، بزانـە چۆن دەیخۆی، بەقسـەم بکە زەرەر ناکەی.

ژووشکی بچووك بایەخی بەو قسەیە نەدا، کەوتە جووڵە و هێدی هێدی هـەنگاوی دەنـا تـا کـت و پـڕ ژووشـکێکی زلـی بینـی بـەدەم گریـان و فرمێسك ڕشتنەوە سەیری ئەملا و ئەولا و پێش و پاشی خۆی دەکرد.

ژووشکی بچووك بەهەڵپەیەکەوە ڕووی تێکرد پێی وت: ژووشکە گیـان ئەوە بۆ دەگری؟

ژووشکە زلەکە بەگریانەوە وتی: پارچەزێڕێکمان لەماڵەوە هەبوو لەگەڵ خۆمم هێنا بچم بیبەمە بازاڕ بیفرۆشم کەچی لەڕێگەدا من و هاوڕێیەکم لەدەمەقاڵێیەکی بچووکەوە لێمان بووە شەڕ، جا لـەو بێنـە و بەردەیـەدا

نەمزانی ئاخۆ هاوڕێکەم زێڕەکەی لێ بردم یان هەر زێڕەکەم لێ بەربووەوە و لێم بزر بوو، خەمی گەورەم ئەوەیە ئەگەر ئەوها بەدەست بەتاڵی بگەڕێمەوە ماڵ ڕەنگە خێزانەکەم باوەڕم پێ نەکات.

ژووشکی بچووك بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی: باشە ئەگەر زێڕەکەم بۆ دۆزییەوە ؟

ژووشکە زلەکە وتی: نەك تۆ، هەر کەسێك بدۆزێتەوە، خەلاّتێکی باشی دەکەم.

ژووشکەبچووکەکە وتی:باشە دەکرێ ناونیشانی زێڕەکەتم بۆ هەڵدەی ؟

ژووشکە زلەکە ناونیشانەکەی بۆ هەڵدا، ئەویش بەخۆشییەوە دەستی گەیاندە بەرباخەڵی و زێڕەکەی بۆ دەرکرد و بۆی ڕاگرت: فەرموو ئەوەش زێڕەکەت، زێڕەکەتم لەو پشتەوە دۆزییەوە.

ژووشکە زلەکە سوپاسی کرد و لەهەمبەر ئەو چاکەیەدا وەکو دیاریەکی بچووك بڕە پارەیەکی باشی پێدا.

ژووشکی بچووکیش بەهەمان شێوە سوپاسی کرد و بەخێرایی چووە بازاڕ بەو پارەیە دەرمانی بۆ دایکی پێکڕی و ئەوەی مایەوە هەندێ خواردنی پێکڕی و بەخۆشحاڵیەوە ڕێ و ڕێ گەڕایەوە ماڵ.

* *

<u>بۆ زانیاریت:</u>

*ژووشك: (ژووژگ و ژیشك و ژووژوو و سنگەسوچەڕ)یشی پێدەڵێن*ژووشك بەتێکڕایی لە دەقیقەیەکدا ترپەی دڵی(٣٠٠) جار لێ دەدات*هەندێ ژووشك هەیە بار لەسەرشانیان هەڵدەگرن، قورساییەك بگاتە ٨٥٠جار قورسی خۆی، ئەمەش ژمارەییەکی پێوانەییە و تا دونیا دونیایە هیچ مرۆڤێ ناتوانێ لە (هەڵگرتنی قورسایی)دا ئەو ژمارەیە بشکێنێ، تەنانەت ئەگەر فیل بەو گەورەییەی خۆی بارێکی لەو قورساییە هەڵگری، ڕێك بەناخی زەوی دا ڕۆ دەچێ.

# جورج و باز



لە زەمانی زووەوە جورجێکی لەڕو لاوازی زۆرزان هەبوو، ئەو جورجە لەناو جورجەکانی دیکە بەوە دەناسرایەوە کە هەمیشە حەزی بەگەڕان وسوڕان دەکرد.. هەرگیز خافڵ نەدەبوو، تەماشای دەوروبەری خۆی دەکرد بزانێ چی هەیە و چی ڕوودەدات، ڕۆژانە کاتێ دەچووە دەرەوە و دەگەڕایەوە، بە خۆشییەوە جورجەکان لێی کۆ دەبوونەوەو بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەی لەڕێی خۆیدا چی بینیبوو، لەنووکەوە هەموویانی بۆ دەگێڕانەوە.

ڕۆژێکیان جورجە زۆرزانەکە لەشارەکەیان دەرچوو، ئەوەندەی نەبرد بەهەناسە بڕکێ هاتەوە، جورجەکان سەیریان پێی هات چونکە هەرگیز بەو شێوەیان نەبینیبوو، تەنانەت کە دەچووە دەرەوە قەت ئەوها زوو

نەدەگەڕایەوە، بەتەوسەوە پێیانوت: لەڕە گیان ئەوە بۆچی ڕەنگی دەم و چاوت گۆڕاوە، خۆ هیچ نەبووە؟

ئەویش چاوەکانی چەند جارێ تروکاند و سەیری یەکە یەکەیانی کرد وتی: حەزدەکەم پرسیارێکتان ئاڕاستە بکەم، پرسیارەکەم ئەوەیە: ئایا کێ دوژمنی ئێوەیە؟

هەموویان بەیەك دەنگ وتیان: مار لەسەر زەوی دوژمنمانە و بازیش لە ئاسمان.

جورجە لەڕە ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: من کە بەڕاکردن گەڕامەوە بۆ ئەوەم بوو تاوەکو ئاگادارتان بکەمەوە لەماڵەوە دەرنەچن، نەکەن بێنە دەرەوە، چونکە بەو دوو چاوانەی خۆم بازێکم بینی لەئاسمانی ئەو ناوچە دەسووڕایەوە تا لەسەر دارە زلەکەی تەنیشت ئەشکەوتی ورچان نیشتەوە، ئەوەش مایەی ترسە ئەگەر لێی بێ ئاگابین.

جورجەکان دایانە قاقای پێکەنین وتیان: ئێمە زۆرین، باز هەرچیەك بکات دەرەقەتمان نایێ، دەی بابچین بزانین ئەو بازە چ بازێکە وا زراوی ئێمەی پێ دەبەی.

هەموویان بەجارێ چوونە دەرەوە، بە هێواشی لەدوورەوە تەماشای دارەکەیان کرد و یەکسەر گەڕانەوە، بەڵام لەبەر دووریان لەدارەکە هیچیان نەبینی، بەدەم گاڵتەپێکردنەوە بە جورجەکەیان وت: تۆ ترسنۆکی وادەزانی هەموو کەس ترسنۆکە، فەرموو ئەوە چووینە بەردەم دارەکە و تەماشامان کرد تەنها چۆلەکەی لەسەر بوو ئەوەش

مانای ئەوەیە تۆ چۆلەکەت لێ بووەتە باز، تەنانەت سێبەری بازیشمان نەبینی بەئاسمانەوە.
جورجە لەڕە زۆر بەدڵنیاییەوە وتی: من ئێوەم خۆشدەوێ ولەخەمی ئێوەدام ، نامەوێ تەنها دڕکێك بچێ بەپای هیچ کامێکتان.
جورجەکان وتیان: چیە گاڵتەمان پێ دەکەی لەکاتێکدا ئەو قسانەی وتت هەمووی درۆ بوون. ئێمە گێلین دەنا گوێ بۆ درۆکانت ناگرین.
جورجە لەڕە زانی قسەکردن لەگەڵیان بێ سوودە خۆی بێدەنگ کرد و وەلامی نەدانەوە، بەبێ دەنگی بۆ دەرەوە ڕۆیشت ، دوای چەند ڕۆژێ جارێکی دیکە چاوی بە بازەکە کەوتەوە، دیسان بەپەلە گەڕایەوە، بەپەرۆشەوە هەمووانی ئاگادار کردەوە وریای خۆیانبن چونکە بازەکە دەرکەوت و دواجار لەسەر ئەو دارە نیشتەوە کە لەتەنیشت ئەشکەوتی ورچانە.



هەر هەمان جورجەکانی جاری پێشوو چوونە دەرەوە و لەدوورەوە تەماشای ئاسمان و دارەکەیان کرد بەڵام بەهۆی دوورییەوە هیچیان نەبینی، کە هاتنەوە ڕوویان کردە جورجە لەڕ و پێیانوت: تۆ لات وایە

ئەو درۆیانەی دەیکەی تا سەر بۆت دەچنە سەر، فەرموو نە بازمان لەسەر دارەکە بینی ونە سێبەریش ، کەواتە ئەوەی درۆبکات لێرە جێی نابێتەوە، دەبێ لێرە بڕۆی.

جورجە لەڕ زانی ئامۆژگاری ئەوانە بێسوودە، بەناچاری سەری خۆی هەڵگرت، ڕۆیشت لەنزیك ئەشکەوتی ورچان کونێکی لێدا و کردیە ماڵی خۆی.

ماوەیەك بەسەر ئەو ڕۆیشتنە تێپەڕی، جورجە لەڕ تا دەهات قەڵەو دەبوو، زۆر غەریبی کەس و کارەکەی دەکردو لەناخەوە بۆیان دەسووتا، هەمیشە وڕێنەی ئەوەی دەکرد بەخۆی دەگوت: وا دەچمەوە تۆ بڵێی دەرمبکەن؟

کەوتە ڕێ.. لێرە بۆ ئەوێ خۆی گەیاندە لایان، جورجەکان لێی خڕ بوونەوە، هەندێکیان سەرەتا نەیانناسیەوە.. یەك لە جورجەکان پێیوت: لەڕەگیان خەریك بوو نەتناسینەوە چییە ئەو دەورە؟ خێرە ئەوها قەڵەو بوویتی؟ دەی قسەمان بۆبکە بزانین چی دەکەی، بەچییەوە خەریکی؟

جورجە لەڕ بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی: ئێستا ماڵێکم لەتەنیشت ئەو دارەی ئەشکەوتی ورچان لێداوە، بازەکە لەوێ نەماوە و خۆشم چونکە دەوروبەرم هەمووی خۆراکەو خەمی کەسیشم لەئەستۆ نییە، هەر ئەوەش وایکردووە قەڵەوبم.

جورجەکان بەگاڵتەقرتێوە پێیانوت: ئەگەر باسی بازمان بۆ دەکەی، ئەوە لەوەتەی ئێمە چووینەتە دەرەوە و دوای کەوتووین لەترسی ئێمە

ڕایکردووه و هەرگیز ناگەڕێتەوە،نەك لەبەر تۆ، هەروەها ئەگەر باسی ئەو خۆراکە زۆره دەکەی ئەوە ئێمە بەدرۆی تێدەگەین.

جورجە لەڕ وتی: ئێوە دەڵێی هێشتا لەسەر لاسارییەکەی خۆتان ماون، فەرموو بڕۆن شتەکان بەچاوی خۆتان ببینن بزانن ڕاست دەکەم یان نا؟

یەك لە جورجەکان وتی: ئەو درۆیەشت تاقی دەکەینەوە، دەی بابڕۆین.

جورجەکان کردیانە پێشبڕکێ تا هەرچی زووە بگەنە ئەو شوێنەو قسەکانی جورجە زۆرزانەکە بەدرۆ بخەنەوە، وەلێ هەرکە لە دارەکە نزیك بوونەوە بازەکەیان لێ پەیدا بوو، بەهەڵەداوان تا گەڕانەوە شارەکەیان، بازەکە چوار پێنجێکی لێ خواردن.

جورجەکان بەپەرۆشەوە باسی دەرکەوتنی بازەکەیان کرد چۆن لەترسان ڕایانکردووە و چۆنیش بازەکە چوار پێنجێکی لێ خواردن.


جورجە لەڕ بە پێکەنینەوە وتی: ئەی ئێوە ئێستا نەتانوت: بازەکە لەترسی ئێمە ڕایکردووە و ئێمە زۆرین بمانبینێ لەترسان ڕادەکات، ئەی بۆ ڕاتانکرد؟

جورجەکان هەستیان بەپەشیمانی کرد و داوای لێبوردنیان لەجورجە لەڕ کرد، وتیان: ئەگەر لەسەرەتاوە بەقسەی تۆمان بکردایە وامان لێ بەسەر نەدەهات.

جورجە زۆرزان لێیانخۆش بوو، ئاشت بوونەوە، بڕیاریاندا بۆ لەمەودوا لاسار نەبن و ڕێزی ئەوانە بگرن کە لەخۆیان لەهۆشیارترن.

* * *

# مشكێكی سەرەڕۆ



هــەبوو نەبوومشــكێكی بــۆری هــار و هــاجی ســەرەڕۆ هــەبوو دوور لەمشكەكانی دیكە، بەتەنیا لە كونێكی دوور دەژیا، سیفەتێكی سەیری هەبوو حـەزی دەكـرد لـەخۆڕا مشـكەكانی دیكـە بێـزار بكـات، دەیزانـی نیـوەڕوان كـاتی حەسـانەوە و خەوتنـە، بەئەسـپایی دەسـتی دەدایـە بــەردێك و خــۆی دەگەیانــدە بــەردەرگای مــاڵی یــەك لەمشــكەكان و لـەدەرگایانی دەدا، ئـەوجا بـەڕاكردن ڕایدەكرد و دەگەڕایـەوە كونەكـەی خۆی و توند دەرگاكەی لەسەر خۆی دادەخست.

بـەرد لـەدەرگادانی كردبـووە پیشـەی ڕۆژانەی..هـەر ڕۆژە لـە دەرگـای ماڵێكی دەدا و بەمەش تەواوی مشكەكانی ناڕەحەت كردبوو.

یــەك لــە مشــكەكان كــە دەرگاكــەی كــردەوە و مشــكە هــاری بینــی، لـەدوورەوە بـە زمـانێكی نەرمـەوە پێـی وت: بێزاركردنـی ئـەم و ئـەو شتێكی باش نییە تكایە واز لەو كارە خراپە بێنە.

مشكێكی دیكە لەگەڵ كردنەوەی دەرگاكەدا كە مشكە هاری بینی، خۆی بۆ نەگیرا پەنجەی هەڕەشەی لێ بەرزكردەوە و پێی وت: ئەگەر بەخۆت دەڵێی مەرد ڕامەكە، بۆ كوێ هەڵدێی مەگەر هەر نەتگرم ئەوجا خۆت دەبینیەوە چیت لێدەكەم.

مشكێكی تر لەگەڵ كردنەوەی دەرگاكەیدا چ جنێوێك پیسە، ئەو جنێوەی پێدا و ئەو قسەی هاتە سەر زمانی، نەیگەڕاندەوە.

مشكەكە فشەی بەو قسانە دەهات و تەقەی سەری دەهات، دەیدایە قاقای پێكەنین وەكو ئەوەی نە بای دیبێ نە باران .

ڕۆژێكیان یەك لە هاوڕێكانی بەشێنەیی پێی وت:

بۆرەگیان ئەگەر یەكێ بەناهەق مستێكی لێتدا و بەو مستەی خواردت ئەزیەتت پێگەیشت، ئایا ئەوەت پێ ناخۆش نییە؟

مشكە بۆر بە باوەڕەوە وتی:

چۆن پێم ناخۆش نییە، ئەگەر سێ چوار مستی لێ نەدەمەوە ئەوە هەر دەبێ تۆڵەی خۆمی لێبكەمەوە و مستەكەی لێ بدەم.

هاوڕێكەی بە زەردەخەنەیەكەوە وتی: كەوایە بۆچی نیوەڕوان بەرد لەدەرگای ئەم و ئەو دەدەیت و ئەو مشكانە بێزار دەكەی؟

مشكە بۆر بەپێكەنینەوە وتی: ئاخر ئەوەی من دەیكەم حەز و ئارەزووە، پێی دڵخۆش دەبم كە بەردێك لەدەرگایماڵە مشكێك دەدەم و ڕادەكەم، تەبیعەتیش دەرمانی نییە.

چەند مشكێك لە مشكەكانی گەڕەك چەند جاریٚ یەخەیان گرت وتێر و پڕیان كوتا بەڵكو واز لەو كارەی بێنیٚ، كەچی مشكە بۆر لەجاران لاسارتر دەبوو.
مشكەكان زانیان بەو لێدانە دەست هەڵناگریٚ و خراپتر دەبیٚ، بەناچاری وازیان لێی هێنا، تەنانەت پێیان وت: بۆرەگیان كەی حەزت كرد گەردنت ئازابیٚ وەرە بەرد لەدەرگامانده.. بۆرەیش هەر وای دەزانی بەڕاستیانە، بۆیە بەو قسانە دڵخۆش دەبوو، وازی لەو كارە نەهێنا.
مشكە بۆر بەرە بەرە چووە ساڵەوە تەمەنی گەورە بوو، ئەو توانایەی جارانی نەما، وایلێهات ئەگەر برسی بوایە دەچووە دەرەوە شتێكی پەیدا دەكرد و ئیتر دەگەڕایەوە لەماڵ دەرنەدەچوو.
لەو ماوەیەدا سیٚ مشكی بێعاری هار و هاجی بچووك پەیدابوو دەتووت لە مشكە بۆرەوە دەرس دراون، هەمان سیفەتی ئەو مشكەیان گرتبوو، نیوەڕوان بە خۆ و بە بەردەوە دەچوونە بەردەرگای ماڵاٚن و بەكۆمەڵ لە دەرگای ماڵانیان دەدا و ڕایان دەكرد.
یەك لەو ماڵانەی پێی فێر ببوون ماڵی مشكە بۆر بوو، هەرسیٚ مشكەكە لەكاتی خەوتن و حەسانەوەدا دەچوونە بەردەرگای ماڵی و بەبەر بەردیان دەدا و بۆی دەردەچوون.
مشكە بۆر بەو كارەی ئەو سیٚ مشكە زۆر ناڕەحەت بوو، هەندیٚ جار دەرگاكەی دەكردەوە و كە مشكەكانی دەبینی، لەدوورەوە پێیدەوتن:

بێزارکردنی ئەم و ئەو شتێکی باش نییە تکایە واز لەو کارە نەگریس و پیسە بێنن.
ڕۆژی وایش هەبوو کە دەرگاکەی دەکردەوە و مشکەکانی دەبینی، دەستی هەڕەشەی لیٚ دەشەقاندن و دەیوت: بۆ کویٚ ڕادەکەن مەگەر نەتانگرم ئەوجا خۆتان دەبیننەوە دەبیٚ کارێکی واتان پێبکەم جارێکی تر شتی وا دووبارە نەکەنەوە.
هەندیٚ جاریش کە دەرگاکەی دەکردەوە و مشکەکانی دەبینی ئەوە ڕادەکەن، لەوپەڕی تووڕەییەوە چ جنێوێك خراپە، ئەو جنێوەی پێدەدان.
مشکەکان بەو قسانە تەقەی سەریان دەهات و دەیاندایە قاقای پێکەنین وەکو ئەوە بەو جنێوانە گەورەبن.
مشکە بۆر پێش ئەوەی بتۆپیٚ، لەماڵەوە ڕاکشابوو، دەرگای لەسەر خۆی داخستبوو بیری لەسەردەمی خۆی دەکردەوە، لەبەر خۆیەوە دەیوت: من کاتی خۆی لەپشووودانی مشکی گەڕەك دەچوومە بەردەرگایان و بەردم لەدەرگایان دەدا و بەڕاکردن ڕامدەکرد و ئامۆژگاری کەسیانم وەرنەدەگرت، گاڵتەم بە قسەکانیان دەهات کە پێیان دەوتم واز لەو کارە خراپە بێنم، کەچی ئێستا تێدەگەم قسەی ئەو مشکە ڕاست بوو کە دەیووت: هاااااا، ئاگاداربە ئەوەی لەدەرگای خەڵکی بدات ، لەدەرگای دەدەنەوە، لەدەرگادانی منیش ئەو باجەیە دوای تەمەنێك وا ئێستا دەیدەمەوە و دەبیٚ قبوڵمبیٚ.

* * *

# دوو هاوڕێی بەدنمەك



هەبوو نەبوو چەقەڵ و گورگێکی گیانی بەگیانی هەبوون، هەردووکیان لەبچووکیەوە هاودەمی یەکتربوون بەیەکەوە یارییان دەکرد، بەیەکەوە ڕاویان دەکرد و بەیەکەوە ڕۆژیان بەڕێدەکرد تا درەنگانی شەویش چەقەڵ دەچووەماڵی گورگ و گورگیش دەچووە ماڵی چەقەڵ.

ناوبانگی ئەم دووانە بەهەموو لایێ بڵاوبووەوە، هەندێ کەس ئاواتیان دەخواست گشت گیانلەبەران وەکو ئەم دووانە بژیانایە و هەندێ کەسیش چاویان بەو هاوڕێیەتیە هەڵنەدەهات، لەناخەوە ئیرەییان پێ دەبردن.

ڕۆژێکیان شێر و پڵینگ لەکۆشك دانیشتبوون، پێکەوە لەدەرگای زۆر باسیان دەدا، تا باس گەیشتە سەر هاوڕێیەتی گورگ و چەقەڵ.

شێری پاشا وتی: خۆزگە هەمووومان وەکو ئەم دووانە هاوڕێی یەك دەبووین، دڵنیام پەیوەندی ئەم دووانە هێندە بەهێزە کەس ناتوانێ لێکیان بکات.

پڵینگ بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی: قوربان هاوڕێیەتی لەکاتی تەنگانە دەردەکەوێ نەك لە شێنەیی دا.

شێری پاشا وتی: من گومانم نییە ئەگەر بکەونە تەنگانەیش ئەوە گیانی خۆیان بۆ یەك دەخەنە مەترسی و لەیەك دانابڕێن.

پڵینگ نەختێ سەری هەڵکڕاند و وتی: قوربان من باوەڕم وایە پارە و پوول یا پلە و پایە دەیانگۆڕێ ئەگەر بیبینن.

شێری پاشا وتی: دوو کەس بەڕاستی یەکیان خۆش بوێ و هاوڕێی یەکبن نە پارە و پوول نە پلە و پایە لێکیان ناکات.

پڵینگ وتی: باوەڕی من ئەوەیە ئەگەر کەسەکان بە بیر و باوەڕەوە یەکیان خۆش نەوێ، پارە یان پلە دەیانگۆڕێ، بەپێی زانیاریم ئەم دووانە نە پارە و پوول ،نە پلە و پایەیان وەرنەگرتووە و ئەوانەیان نەبینیوە ئەگەر ئەو شتانە لەنزیکەوە بناسن و بیبینن دڵنیام ئەو شتانەیان لە برادەر و دایك و باوکی خۆیانیان پتر خۆش دەوێ.

شێری پاشا وتی: چما ئەوە قەناعەتی تۆیە.

هەردووکیان لەسەر ساخکردنەوەی ئەو قسەیە گرەویان کرد.

پڵینگ وتی: فەرموو ئەوە من تاقییان دەکەمەوە و دواتر وەڵامت دەدەمەوە.

پڵینگەکە ڕۆیشت چووە لای کەمتیار هەندێ قسەی دەرهەق بە چەقەل دەگەڵدا کرد و کیسە پارەیەکی پێدا وتی: بڕۆ دەست بەکاربە و دواتر وەڵامم بدەوە.

کەمتیار بەخۆ و بەدەستی کیسەی پڕ پارەوە بۆ ئێوارە خۆی گەیاندە لای چەقەڵ و کیسە پارەکەی پێنیشاندا وتی: چەقەڵ گیان ئەگەر حەزدەکەی ژیانت خۆشبێ و ئەو تەمەنەی ماوتە بەخۆشی بیبەیتە سەر، ئەوە دیاری پڵینگە بۆ تۆ بەڵام مەرجێکی هەیە دەڵێ حەز بەچارەی گورگ ناکەم، بەگوێرەی ئەو قسەیەبێ پێیخۆشە تۆش قسەی لەگەڵ نەکەی، ئەوجا نازانم لەم بارەوە ڕای تۆ چییە؟



چەقەڵ کە چاوی بەو کیسە پارە کەوت، چاوئەبڵەق بوو چونکە لە ژیانیدا قەت ئەو پارەیەی بەچاوی خۆی نەبینیوە تاوەکو حەزی لەچی بوو ئەو شتەی پێ بکڕێ، بۆیە لەخۆشیاندا لێوەکانی بۆ یەك نە دەهاتەوەو وتی: هەموویم قەبووڵە، بەسەرچاو نەك هاوڕێیەتی ناکەم، بەڵکو لەم ئان و ساتەوە قسەی ئەگەر سەلامیشم لێبکات وەڵامی نادەمەوە.

کەمتیار سەری بۆ لەقاند و کیسە پارەکەی پێدا، گەڕایەوە لای پڵینگ و تەواوی قسەکانی چەقەڵی بۆ گێڕایەوە.

چەند ڕۆژێ بەسەر ئەو کارە تێپەڕی، پڵینگەکە خۆی گەیاندە لای گورگ و پێیوت: بیستوومە دوای تەمەنێك هاوڕێیەتی، ئێستا بەینی تۆ و چەقەڵ خۆش نییە.
گورگەکە ئاخێکی هەڵکێشا و وتی: سەیرە دوای تەمەنێك پارە هاوڕێیەتی من و چەقەڵی گۆڕی، من هیچ شتێ لەخۆم شك نابەم ، ئەوەندەی لێی دەچمە پێش کەچی خۆیم لێ بەدوور دەگرێ و سەلامم لێ ناکات.
پڵینگەکە بەهەڵپەیەکەوە وتی: باشە تۆ هێندە دەربەستی ئەوی ئەگەر سەلامت لێیکرد سەلامت لێ وەرنەگرێتەوە؟
گورگەکە وتی: نەخێر هیچ دەربەستی نیم بەڵام ئەوەم پێ ناخۆشە بەبێ هۆ ڕووی خۆیم لێ وەردەگێڕێ و قسەم لەگەڵ ناکات.
پڵینگەکە وتی: من ئەوەندە حەز بەچارەی چەقەڵ ناکەم بەڵام بەم قسانەت دەرکەوێ چەقەڵ هاوڕێی تەنگانە نییە، جا بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆتی لێبکەیەوە ئەگەر لەلای شێری پاشا پلە و پایەکی باشت بۆ داوا بکەم بتکەمە وەزیر چی دەکەی؟
گورگەکە بەو بەڵێنە گەلێ دڵخۆش بوو، بەخۆشحاڵییەوە وتی: ئەگەر تۆ ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکەی، من بەگیان قەرزاری تۆم. ئەگەر فەرمان بدەی ئەو بەدنمەکە ڕێوی ناپاك لەکۆڵ دونیای دەکەمەوە.
پڵینگەکە سەری بۆ لەقاند و وتی: دەست بەکاربە و وابزانە بوویە وەزیر.
گورگەکە لەخەنی و خۆشی پلە و پایە هەر ئەو ڕۆژە بەدزیەوە کەوتە چاودێری چەقەڵ، هەستی کرد وا لەماڵەوە خەوتووە، بەهێواشی خۆی گەیاندێ و پڕتاو پەلاماریدا و خنکاندی، ئەوجا خۆی گەیاندە لای پڵینگ و

وتی: قوربان چەقەڵم لەکۆڵ کردییەوەو کردمە خواردنی بەچکە گورگەکان، ئێستاش هاتووم بۆ ئەو بەڵێنەی پێتدام بمکەیە وەزیر.
پڵینگەکە بە تووڕەییەوە تێیڕاخوڕی و وتی: وەزیری چی و تەڕەماشی چی؟ من و شێری پاشا گرەوێك بوولەسەر تۆ و چەقەڵ کردمان، من گرەوەکەم بردەوە، ئەو دەیوت ئەم دووانە نە پارە و پوول نە پلە و پایە نایانگۆڕێ و هیچ شتێ کار لە هاوڕێیەتیان ناکا، منیش سوور بووم لەسەر ئەوەی یەك لەم دوو شتە کاریگەری خۆی هەیە. بۆیە هەردووکتانمان تاقیکردەوە، چەقەڵ بەبڕە پارەیەك خۆی لێگۆڕاو تۆش بە تەماحی پلە و پایە هاوڕێی گیانی بەگیانی خۆت کوشت.. ئێستاش بۆم دەرکەوت تۆ وەفات بۆ هاوڕێی خۆت نەبێ ئاخۆ کە تۆم کردە وەزیر چۆن وەفات بۆ من دەبێ، دەی بڕۆ چیتر لەم ناوەت نەبینمەوە.
گورگەکە هەستی بە پەشیمانیەکی زۆر کرد، بەڵام پەشیمانی دادی نەدا، لە داخان سەری خۆی هەڵگرت وئەو ناوەی بۆ هەتا هەتایە جێهێشت.

*    *    *



---

<u>بۆ زانیاریت:</u>

* شێر تا تەمەنی نەگاتە دوو ساڵ ناتوانێ بنەڕێنێت*درێژی شێر لە کلکییەوە بۆ کۆتایی سەری سێ مەترە*تەمەنی شێر دەساڵ بۆ چواردە ساڵە.

# بەسەرهاتی دوو پشیلە و تووتکە سەگێك



دەگێڕنـەوە لەدارسـتانێکی نزیـك ئـاوەدانی دوو پشـیلە*بەیەکەوە دەژیـان، پشیلەکان لانەیەکی خنجیلانـەی پڕ لەبەختـەوەری وئاسوودەیان بۆ خۆیـان پێکەوەنابوو.. لەنزیك ماڵەکەیانـەوە تووتکە سـەگێکی بەدنمـەك دەژیا. ئـەو توتکە سەگە چاوی بەو خێزانـە پڕ لەخۆشەویستیە هەڵنـەدەهات، هەمیشـە لەبیرکردنـەوەدا بـوو چـۆن نێوانیـان تێـك بـدات و ئـەو خێزانـە بەختـەوەرە هەڵوەشـێنێتەوە. ئـەوە بـوو رۆژێکیـان بیرۆکەیـەکی بەمێشـك داهـات وبەدزییـەوە خـۆی گەیانـدە لای پشـە خـاتوون*پێی وت: ماوەیەکـە زۆر نیگـەرانی تـۆم وخـەو نەچـۆتە چـاوەکانم..! پشـیلەی بەسـتەزمانیش بەسەرسوڕمانەوە ڕووی لەتووتکە سەگەکە کرد وتـی: چیی بووە دراوسـێی خۆشەویست..؟ تووتکە سەگەکە وتی: نازانم چیت لیَ بشارمەوە، ماوەیەکە گوربەی* هاوسەرت بەدنمەکانە ناپاکیت دەرهەق دەکا؟

پشـه خـاتوون بـەو قسـەیە چـاوی زەق بـۆوەو بـە سەرسـوڕمانەوە وتـی: چ ناپاکیەکی دەرهەق کردووم؟
تووتکە سەگەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: هیچت لێ نەشارمەوە نازانم بە چ سوێندێ باوەڕ دەکەی، بەو دوو چاوانەم بینیم گوربە لەگەڵ پشیلە مێینەیەکی دیکە دەستی تێکەڵ کرد بوو، قسەی بۆ دەکرد، دەیوت:پشە گیان بەڵێنبێ ها بزانە پشەخاتوونم بەرەڵلا کرد و تۆم بردەوە ماڵ، ئەو تەمەنەی ماومە ژیان لەگەڵ تۆدا بەسەر دەبەم.
پشە خاتوون بەدەم خەم و خەفەتەوە وتی: ئێ باشە ئەو منی زۆر خۆش دەوێ، چۆن شتی وام لەگەڵ دەکات من بەرەڵلا بکات و یەکێکی تر بێنێتە ماڵەوە؟
تووتکە سەگەکە وتی: یەکێ بێ وەفابوو هیچی لێ چاوەڕوان ناکرێ و هەموو شتێکی لێ دەوەشێتەوە.
پشە خاتوون وتی: جا ئێستا من قوڕی کێ بکەم بەسەری خۆما، چیبکەم!
تووتکە سەگەکە بە بزەیەکەوە دەستی بۆ مەقەستی سەر دیواری خانووەکەیان درێژ کرد و وتی: ئەو مەقەسەی وا لەسەر ئەم دیوارەیە، بەپێی ئەوەی کتێبانم خوێندۆتەوە دەڵێن: ئەگەر کەسێك ویستی خۆشەویستەکەی بۆی ببێتە مەرهەم و لەقسەی دەرنەچێ و لە خۆی بترازێ کەسی تری خۆش نەوێ ئەوە کە زانی خەوتووە، بەبێ دەنگی بچێ تەڵە موویەك لە سمێڵی ڕاست و تەڵە موویەك لە سمێڵی چەپی کورت بکاتەوە ئیدی تەواو تا دەمرێ با پشتی خۆی بەرانبەر خۆشەویستەکەی لێبکاتەوە؟
پشە خاتوون بێ ئەوەی بیر لەڕاست و دروستی قسەکانی بکاتەوە یەکسەر وتی: قسەکەت تەواوە، وادەکەم.

تووتکە سەگەکە بەو هەنگاوە دڵخۆش بوو ، کەوتەخۆ تا هەنگاوی دووەم جێ بەجێ بکات، بەدزیەوە خۆی گەیاندە لای گوربە و وتی: پشەگیان نهێنیەك هەیە، ئاگات لێیە چ شتێ قەوماوە؟

تووتکە سەگەکە بەبزەیەکەوە وتی: ئەگەر بەڵێنم پێدەدەی پارێزگاری لەو نهێنیە بکەی قسەیەك هەیە بۆتی دەکەم.

گوربە بە حەپەساویەوە وتی: قسەبکە، ئەگەر کەس زانیەوە وەرە دوو تفی خاسم بکەرە چاو.

تووتکە سەگەکە دەستی بۆ دارتووەکە درێژ کرد و وتی: ئەم بەیانییە لەژێر سێبەری ئەم دارتووە ڕاکشابووم، چاوەکانم نابوونە سەر یەك.. نازانم پشە خاتوون منی بینی نەبینی گوێم لێبوو لەبەرخۆیەوە دەیوت: ئەی گوربەی بەدنمەك چما وات لێهات لەخۆبایی بی؟ من پشە خاتوونبم دەبێ ئەتکت بکەم و ئەو دڕکەت لەبن پێ دەربێنم، تەنانەت وتی: من کتێبم خوێندۆتەوە ئەگەر بەمەقەست کلکی ببڕم و بیقرتێنم ئەوا کەس حیسابی تەڵە پووشێکی بۆ ناکات و تا دەمرێ دەبێ بەسەرشۆڕی بژێ.

گوربە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: ئەمە کەی بیرکردنەوەیە وا بیر دەکاتەوە؟ نازانم من بۆچی لەخۆبایم لەکاتێکدا باش دەزانێ بێ ئەندازە ئەوم زۆر خۆش دەوێ، ئێستا من چیبکەم باشە؟ دەکرێ بچم بەگژیا و سەروپۆتەلاکی بشکێنم؟

تووتکە سەگەکە وتی: لێدان چارەسەر نییە، جارێ دان بەخۆتا بگرە و ئارامتبێ، ئەگەر بەقسەم دەکەیت بڕۆ بەئەنقەست خۆت بخەرە خەوەوە، کەی شتەکەت بەچاوی خۆت بینی ئیدی هەر بڕیارێك دەدەیت ئەو وەخت بڕیاری خۆت بدە و سەرپشك بە.

گوربە ئەویش بەبیٚ لیٚکۆڵینەوە وتی: قسەکەت تەواوە.
تووتکە سەگەکە ڕۆیشت چووە سەر دیواری حەوشە و کەوتە چاودیٚری بارودۆخەکە تا بەچاوی خۆی ببینیٚ چۆن بەگژ یەك دادەچن و لەیەك دەدەن.. لەنزیکەوە تەماشای کرد گوربە لەسووچیٚکەوە ڕاکشا و خۆی خستە خەوەوە و لاچاویٚکی بەئاستەم کردەوە بینی ئەوە پشە خاتوون بەخۆ و بەمەقەستەوە هیٚدی هیٚدی لیٚی نزیك دەبیٚتەوە، کە مەقەسەکەی لیٚ نزیك کردەوە، گوربە چاوەکانی کردەوە و پەلاماریدا، پشە خاتوون بەرگری لەخۆی کرد، بوو بە شەڕ و پیٚکدادان، ئەم ئەوی بەعەرد دادەدا و ئەم ئەوی بەعەرد دادەدا، هەموو دەم و چاوی یەکیان برینـدار کرد و دەم و چاوی یەکیان بەخویٚن هیٚنا.



گوربە دەیوت: چما دەتەویٚ ئەتکم بکەیت و حەیام ببەی؟
پشە خاتوون دەیوت: تۆ وات لیٚهات ناپاکیم دەرهەق بکەی، لەو ماڵەم دەرکەی.

سەیرەکەی لەوەدابوو هیچیان گوێیان لەهیچ نەدەگرت تا کار بەوە گەیشت پشە خاتوون کە بێ تاقەت بوو توانای ئەوەی نەما زیاتر بەرگری لەخۆی بکات، بەهەڵەداوان تێیتەقاند، ماڵەوەی بەجێ هێشت ونەگەڕایەوە.

گوربە بێ هاودەم لەو ماڵە خەمبارو بێچارە مایەوە.. چەند ڕۆژێ بەرگەی ئەو تەنیاییەی گرت و وەك لەوە زیاتر ئارام نەگرێ بەناچاری سەری خۆی هەڵگرت و ئەویش ئەو شوێنەی بەجێ هێشت.

ئەوجا تووتکە سەگەکە بەتەنیا لەو دارستانە مایەوە کەس نەبوو بیدوێنێ ودڵنەوایی بکات، هەرچەند بیری لەو ڕەوشتە ناشیرینەی خۆی دەکردەوە خەفەتی دەخواردو زیاتر خۆی لەبەر چاو دەکەوت وپەشیمان بوو، بەڵام پەشیمانی بێ سوودە.

دوای چەند ساڵێك تووتکەکە پێ ڕاگەیشت، بووە دایکی چەند تووتکە سەگێك، ڕۆژێکیان هەمووانی کۆکردەوە و بەسەرهاتی خۆی و ئەو دوو پشیلەی بۆ گێڕانەوە و وتی: دوا قسەم ئەوەیە ئامۆژگاریتان دەکەم درۆ نەکەن و بەقسەهێنان و بردن، بەینی ئەم و ئەو تێك نەدەن.

ئەوانیش بەو چیرۆکەی تووتکە سەگی دایکیان زۆر نیگەران بوون وهەموویان بەیەکەوە ڕوویان لەدایکیان کردو وتیان: ئەو ڕەوشتە قێزەوەنەی تۆ قەت لەڕەوشتی ڕەگەزی ئێمەی سەگی بەئەمەك ناوەشێتەوە.

**بۆ زانیاری:**

*** گوربە: بەپشیلەی نێرینەیە*پشەخاتوون: مەبەست پشیلەی مێینەیە*پشیلە پاشەڕۆی دەشارێتەوە بەجۆرێ بەدەستەکانی چاڵێك هەڵدەکەنێ و پاشەڕۆی تێدەکا و بەقاچەکانی دەیشارێتەوە* پشیلە: بەپێ و دەستەکانییەوە هەژدە پەنجەی هەیە*لە هەر گوێچکەیەکیدا(٣٢) ماسولکەی هەیە* لەسەدا شەست و شەشی ژیانی بەنووستن بەسەر دەبات* ئەو پشیلانەی چاویان شینە، ئەم جۆرە پشیلانە هەمیشە کەڕن.**

# سێ بەچکە مەیموون



هەبوو نەبوو سێ بەچکە مەیموونی* برا هەبوون بەردەوام لەماڵەوە بەگژ یەك دادەچوون، پەلاماری یەكیان دەدا و دانەدەنیشتن..هەمیشە دایك و باوكیان ئامۆژگاری دەكردن واز بێنن و ئەوەندە ڕكیان لەیەك نەبێتەوە و شەڕ لەگەڵ یەك نەكەن، كەچی بۆ دڵڕازیكردنیان هەرسێكیان بەیەكەوە دەیانوت: تەواو، ئیتر شەڕ ناكەین.

تا چەند كاتژمێرێ خۆیان بێدەنگ دەكرد، لەجێوە دادەنیشتن و قسەی ناشیرینیان بەیەك نەدەوت و لەیەكیان نەدەدا، دواتر وەكو نە بایان دیبێ نەباران، دیسان بەردەبوونەوە گیانی یەكدی.

ڕۆژێكیان دایك و باوكیان دەمەو نیوەڕۆ لەبێ تاقەتی خۆیاندا ویستیان سەرخەوێ بشكێنن وتۆزێك بحەسێنەوە، كەچی لەبەر قاژ و قیژەی ئەو سێ بەچكەیە خەو نەچووە چاویان، باوكەكەیان چەند وتی: ڕۆڵەكانم ئاخر بۆ وا دەكەن؟ بۆ ناحەوێنەوە ئیتر بەس نییە، ئەوە بۆ ماندوو نابن؟

بەچکەکان تەقەی سەریان دەهات، لەسەر هەڵبەز و دابەزی خۆیان بەردەوام بوون، لەناچاری دا باوکیان هێندە تووڕەبوو لەجێوە ڕاستبۆوە، بەڕاکردن دەستی گەیاندە کوتەکێك و بەهەلەداوان تاوی دانێ..
بەچکەکانیش لەترسی لێدان ڕایانکرد و ماڵەوەیان بەجێ هێشت و ڕۆیشتن. هەر سێکیان سەری خۆیان هەڵگرت و ڕێیان گرتەبەر.. بەدەم ڕێگەوە تەگبیریان دەکرد، مەیمونی برا گەورە وتی: براکانم، تازە کەڵکمان بڕا، واباشە چیتر شەڕ نەکەین، ئەگەر تا ئێستا خەمی هیچمان لەبەر نەبووبێ دایك و باوکمان ئێمەی بەخێو کردبێ، ئەوە بۆ لەمەودوا دەبێ بۆ پەیداکردنی خۆراك خەم لەخۆمان بخۆین و بەیەکەوە بگەڕێین و ئاگامان لەیەکتر بێ.
مەیموونی بچووك وتی: دەبێ جێیەك بۆ خۆمان دانێین تێیدا بحەسێینەوە، بۆیە لەئێستاوە دەبێ دەست بکەین بەخانوو دروست کردن.
مەیموونی ناوەنجی وتی: ڕاست دەکەی، بەلاّم پێویستە بگەڕێین شوێنێکی گونجاو بدۆزینەوە کە بۆ خانوو دروستکردن لەباربێ و شوێنەکە جێی مەترسی نەبێ.
هەرسێکیان پێکەوە کەوتنە چاوگێڕان بەملا و بەولای خۆیان تا شوێنێکی باشیان لەناو دارستانەکە دۆزییەوە.
مەیموونی ناوەنجی وتی: ئێرە جێیەکی باشە، با هەر یەکەمان بۆ خۆی خانوویەك دروست بکات.

قۆڵی خۆیان لێ هەڵکرد و کەوتنە خۆ، دەستیان کرد بە دار بڕینەوە و کۆکردنەوەی پووش و پەراش.
مەیموونی برا گەورە چوار داری چەقاند و سەری بەپووش گرت، وتی: من تەنها تیشکی خۆر لێم نەدات، ئیدی کێشەم نییە بەرگەی هەموو شتێك دەگرم.
مەیموونی ناوەنجی خانوویەکی لەدار دروست کرد تەنها سەری نەگرت و وتی: من کە خەوتم لەخەوی خۆم دڵنیابووم هیچ دڕندەیەك نەتوانێ بێتە ژوورەوە پەلامارم بدات، ئیدی کێشەم ئەوە نییە تیشکی خۆر لێم دەدا یان لێم نادات.



مەیموونی بچووك جیا لەوان دوای ماندووبوونی دوو ڕۆژ، خانوویەکی جوانی دروست کرد، دەرگا و دیوار و تەنانەت بەجوانی سەریشی گرت، وتی: بزن بچێتە هەر شوێنێك ئەگەر بۆ یەك شەویشبێ شوێنی خۆی خۆش دەکات، بەبڕوای من ئەگەر دەستت دایە هەر ئیشێ بەتەواوی بیکەی باشە، ئەگینە نەکردنی لەکردنی باشترە.
مەیموونی گەورە و ناوەنجی گاڵتەیان بە قسەی مەیموونی بچووك دەهات، پێیانوت: تۆ هێشتا بچووکی و لەدونیا ناگەی، ژیانێك مردنی

تێدابێ هێندە خەمی ناوێ، ئێستا ئیشەکەمان پێك بێت خوا کەریمە.. زۆر سەیرە بەجۆرێ ئەو خانووەت دروست کردووە وەکو ئەوەی قەت نەمری..!

مەیمونی بچووك بەزەردەخەنەیەکەوە وتی: ئێوە بەهەڵە تێگەیشتوون، من لە دروستکردنی ئەم خانووەدا حیسابی ئەوەم کردووە خانووی تەواو لە گەرما و سەرما دەمانپارێزێ، لە تۆز و با و بارانیش دەمانپارێزێ و تەنانەت بەدڵنیاییەوە تێیدا دەخەوین.

یەك دوو هەفتە بەبێ کێشە پێکەوە ژیانیان بردە سەر، ڕۆژانە بەیەکەوە بۆ پەیداکردنی خۆراك دەگەڕان و دەسووڕان و پاشان بۆ ناو خانووەکانیان دەگەڕانەوە.

وەرزی زستان نزیك بۆوە، ڕۆژێکیان هەورێکی ڕەش دەرکەوت و بەئاسمانی ئەو دەوروبەرە دەهات و دەچوو، لە پێشەوە بایەکی توند و تیژ هەڵیکرد، توندی بایەکە وایکرد هەرچی پووش و پەلاشێکی سەر چوار دارەکەی ماڵی مەیموونە گەورەکە هەبوو هەمووی لەگەڵ خۆی برد. مەیموونەکە بەناچاری خۆی گەیاندە خانووی مەیموونی ناوەنجی و لەدەرگایدا، ئەویش دەرگای لێ کرەوە و لەلای خۆی حەواندەوە.

دوای ئەو بایە توندە، بارانێکی بەخوڕ دایدا بەمە ئەو خانووەی مەیموونی ناوەنجی دیوار و دەرگای بۆ دروست کردبوو تەنها سەری نەگرتبوو، ناو خانووەکەی پڕ بوو لە ئاو کە ئەگەر لەگەڵ مەیموونی گەورە فریای خۆیان نەکەوتنایە ڕەنگە بکەوتنایەتە ناو ئاوەکە و بخنکانایە، هەردووکیان بەپەلە هاتنە دەرەوە، خۆیان گەیاندە لای

خانووی مەیموونی برا بچووکیان و لەدەرگایاندا، ئەویش دەرگای لێکردنەوە و لەلایدا مانەوە، بەمە ئەو شەوە هەموویان پێکەوە بە هێمنی لێی خەوتن.

بۆ بەیانی لەخەو هەستان، مەیموونی گەورە وتی: ژیان لەدووری دایك و باوك خۆش نییە، ئێمە هێشتا بچووکین و ترسی ئەوەمان هەیە ئەم و ئەو پەلامارمان بدات و نەتوانین بەرگری لەخۆمان بکەین، واباشە بچینەوە شوێنی خۆمان و ژیان لەگەڵ دایك و باوکمان بەسەر ببەین و بەڵێنیان پێ بدەین ئەوجارە تا ماوین هەراسانیان نەکەین و چیتر شەڕ نەکەین و تاوەکو دەمرن ڕێزیان بگرین.

دەستی یەکیان گرت و گەڕانەوە شوێنی خۆیان، یەکە یەکە دەستی دایك و باوکیان ماچ کرد و داوای لێبوردنیان لێیان کرد، کاتێکیش بەسەرهاتی خۆیان و خانووەکەیان بۆ گێڕانەوە، باوکی هەموانی لەباوەش گرت و دەستی بەسەریان داهێناو پێی وتن: مەیموونی بچووك لەدروستکردنی خانووەکەیدا لەئێوە ئاقڵتر بوو، ئامۆژگاریتان دەکەم لەژیانی خۆتان هەر کارێکتان کرد بەنیوە چڵی نەیکەن، بەڵکو بەتەواوی وبێ کەم وکورتی ئەنجامی بدەن.

هەرسێکیان پەیمانیاندا ئەگەر چوونە هەر شوێنێ بێ پرس لەدایك و باوکیان دوور نەکەونەوە.


*  *  *

<u>بۆ زانياريت:</u>

*ولاَتی هيندستان خاوەنی زياتر لە پەنجا مليۆن مەيموونە

* مەيموون وەکو مرۆڤ شتەکان بەڕەنگا و ڕەنگی دەبينێ.

# خەونی حوشتر



دەگێڕنەوە لەزەمانی زوو حوشترێك *هەبوو، زۆر لە گورگ دەترسا، هەر ئەو ترسەش وایلێکردبوو نەك بەشەو ، بەڵکو بە ڕۆژیش حەوانەوەی نەبوو. ترس وای لەو حوشترە کردبوو ئەگەر خەونیشی ببینیایە تەنها خەونی بە گورگەوە دەبینی، خۆ ئەگەر خەونەکەی ناخۆش بوایە دەترسا بیدرکێنێ ئەوە شتێکی لێ بەسەربێ و خەونەکەی ببێتە ڕاست، هەر خۆی دەیوت: ئەگەر خەونی ناخۆشت بینی تا خەونەکەت نەبێتە ڕاست، مەیگێڕەوە.

شەوێکیان حوشترەکە خەونێکی خۆشی بینی، بەیانی زوو خۆی گەیاندە لای گورگ و وتی: قوربان مژدە، مژدە، من ئەمشەو خەوێکی خۆشم بەتۆوە بینی.

گورگەکە دایە قاقای پێکەنین و وتی: چ خەوێکت بەمنەوە بینیوە، دەی بیگێڕەوە بزانم خۆشی خەونەکەت لە چیدایە!

حوشتریش بە خۆشحاڵیەوە وتی: ئەمشەو لەخەونمدا بڵێسەیێکی پڕشنگدارم بینی لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی شۆڕ دەبۆوە، بڵێسەکە تا نزیك دەبۆوە، ڕووناکییەکەی زیادی دەکرد تا بەربۆوە کەوتە سەر سەلکە پانەکەی تۆ.

گورگەکە دووبارە دایە قاقای پێکەنین و وتی: بەڕاستی خەونێکی سەیرە، ئێێێێێی؟

حوشتر بەدەم هەناسەیەکی قووڵەوە درێژەی بەقسەکانی دا، وتی: ئەوجا ڕووناکی ئاگرەکە لەسەر سەرە پانەکەی تۆ بووە تاج، لەو خەوە تۆ بووی بە پادشا و جلی پادشایەتیان لەبەرکردی، هەرچی گیانلەبەری ئەم مەملەکەتە هەیە هەموویان بازنەیان بەست، داهاتنەوە سەری ڕێزیان بۆ دانەواندی و تۆش بە خۆشحاڵیەوە وردە وردە لەنێو ئاپۆڕای ئەو حەشاماتە زۆرە چووی لەسەر کورسی پادشایەتی دانیشتی، لەو خەوەدا سەیری هەموومانت دەکرد و قسەت بۆ دەکردین، باسی دادپەروەریت دەکرد کە دەبێ هەموومان ڕێزی یەك بگرین، ئەوە ئەو خەونە خۆشە بوو من ئەمشەو بەتۆوەم بینی.

گورگەکە بە خۆشحاڵییەوە سەری بۆ قسەکانی لەقاند و وتی: خەونەکەت سەت لە سەت تەواوە، من شان و شەوکەتم لەوە دەوەشێتەوە ببمە پادشا، من دەمێکە بەخەیاڵ وا خۆم هێناوەتە پێش چاو ئەوە بوومەتە پادشا و حوکمی دارستان دەکەم، خەونەکەت ڕاستە من ئەمڕۆ دەبمە پادشا، دەی بکەوە دوام بابچین ئەو خەونە بکەینە ڕاستی.

گورگەکە کەوتە ڕێ و حوشتریش بەدوایەوە ڕۆیشت.. کاتێ ڕێویان بینی، گورگەکە خەونی حوشتری بۆ گێڕایەوە و وتی: من لە ئێستاوە پادشای تۆم.

ڕێوی داهاتەوە، دەستی بۆ بەسینگەوە گرت و وتی: قوربان گومان لەم خەونە نییە و تەواوە، بەڕاستی پادشایەتی هەر لەتۆ دەوەشێتەوە، ئێستاش فەرمانتان بەچییە من لە خزمەتتدام.

گورگەکە بە لەخۆبایی بوونەوە وتی: بکەوە دوام بابچین ئەو ڕێ و ڕەسمە بەشکۆداری بکەینەوە.
ڕێوی وتی: فەرمانتە گەورەم، فەرموون.
کەوتنەوە ڕێ و لەسەر ڕۆیشتنەکەیان بەردەوام بوون، ئەوجارە تووشی فیل بوون، ڕاوەستان، گورگەکە لەنووکەوە خەونی حوشتری بۆ ئەویش گێڕایەوە، فیلیش بۆی داهاتەوە وتی: بەهەر شێوەیەکبێ تۆ بۆ ئێمە لەشێر باشتری هەرنا قسەت لەگەڵ دەکرێ، ئەوە منیش هاتمە ڕێزەوە و پشتگیری لەو خەونە دەکەم کە حوشتر بینیویەتی.

کەوتنەوە ڕێ و لەسەر ڕێی خۆیاندا هەرچی چەقەڵ و کەمتارێك هەبوون، بەگێڕانەوەی خەونی حوشترەکە کەوتنە دوای، بە کۆمەڵ چوونە کۆشکی پادشایەتی.
شێر کە چاوی بەو حەشاماتە زۆرە کەوت، ترسا شتێکی گەورە ڕوویدابێ، بەهەڵپەیەکەوە وتی: ئەو چیبووە؟ بۆچی بەو شێوەیە کۆبوونەتەوە؟
گورگەکە بە لەخۆباییەوە خەونی حوشتری بۆ گێڕایەوە، ئەوجا وتی: قوربان وا دەبینی هاتوومەتە ئێرە و ئەوانەی وا لەدوامەوەن هەموویان پەیمان و بەڵێنیان بۆ دووپات کردوومەتەوە وەك پادشای ئەم مەملەکەتە کە لە خزمەتم دابن، حەزدەکەم تۆش بەبێ ئەزیەتدان ئەو کورسیەی لەسەری دانیشتووی بۆمی جێ بێڵی و تاجەکەتم بدەیتێ دیارە قەدەر وایە کورسی حوکم تا سەر بۆ کەس ناچێتە سەر، بۆیە دەبێ من ئەمڕۆ ببمە پادشای دارستان.




شێر بەو قسانە چاوئەبڵەق بوو، بەپەرۆشەوە لێی پرسی: چما تۆ ئێستا بەهەوای خەوێکەوە هاتووی ببیتە پادشا؟
گورگەکە وتی: ئەو حەشاماتەش هەر هەموویان بەهەوای ئەو خەوەوە کەوتوونەتە دوام، لێرەوە داوات لێدەکەم بەخۆشی بکەویە دوام و کورسیەکەتم بۆ چۆڵکەی.
شێر بە نیمچە تووڕەبوونێکەوە وتی: چما شتەکە ئەوهایە؟
گورگەکە بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: هیچ چاری تر نییە، دەبێ کورسیەکەتم بۆ جێبێڵی و بێیە خوارەوە.
شێر داڕسا و لێی مڕبۆوە، کت و پڕ پەلاماری دا، ئازارێکی زۆری پێگەیاند، گورگەکە بەهەڵەداوان ئەوەندەی بۆی کرا خۆی لەچنگی ڕاپسکاند و ڕایکرد.
هەرچەند فیل و ڕێوی و چەقەڵ و کەمتیار بەیەکجار ڕوویان کردە گورگ و وتیان: گورگی پادشا ئەوە بۆ کوێ ڕادەکەی ئەی بڕیار نەبوو ئەمڕۆ ببیتە پادشامان؟
گورگەکە لەتاو ئێش و ئازاری قاچی هەر ئەوەندەی پێکرا بڵێ: ئەوەی من کردم خەونی حوشتر بوو، کێ بەخەو دەبێتە پادشا تا من ببم بە پادشا، ئاااااای کە گێلن کەوتنە دوام.

ئەوانیش لەخانەی گاڵتە پێکردنەوە چەند هاواریان کردیٚ: دەبگەڕێوە وەرە ببە پادشامان.

ئێستاش گورگەکە ئاوڕی نەدایەوە و چۆن ئەو ناوەی بەجێهێشت، جارێکی تر بۆ ئەو شوێنە نەگەڕایەوە.

* * *




بۆ زانیاریت:

* حوشتر: (وشتر) یشی پیٚ دەڵێن*درێژی( ٣ )مەتر و بەرزییەکەی (٢) مەترە*لێوی سەرەوەی دوو لەتە ئەمەش وادەکات دڕك و داڵ ئازاری دەمی نەدەن بەتایبەت لە خواردنی ڕووەکە دڕکاویەکاندا*پێیەکانی بەپانی دروستکراوە، نەسم و نە نینۆکی هەیە ئەمەش بۆ ئەوەیە لەڕۆیشتنی لەناو لمدا بگونجیٚ و نەچەقیٚ*برژانگە درێژەکانی وەکو تۆڕ وایە ئەمەش وادەکات چاوەکانی لە گەرد و لمەکان بپارێزیٚ*دونگەکەی خواردنی بۆ خەزن دەکات بۆ ئەو کاتانەی کە خواردنی دەست ناکەویٚ*تەمەنی نزیکەی(٤٠) ساڵ دەبێت و دەتوانیٚ(٤٠٠)کم بەبیٚ ماندووبوون ببڕیٚ*(١٠٠)لیتر ئاو هەڵئەقوڕێنیٚ و دەتوانیٚ بۆ ماوەی یەك مانگ بەبیٚ ئاو بژیٚ*شیری حوشتر نە بۆگەن دەبیٚ و نە تێکدەچیٚ و نەدەمەییٚ.

*سوودەکانی حوشتر بۆ مرۆڤ بریتییە لە:

– ئەو ئەرکە قوورسانەی پێی دەسپێری وەکو دەزگایەکی خێرخواز بەبیٚ ماندووبوون جیٚ بەجێیان دەکات..مرۆڤ سواری پشتی دەبیٚ و کەل و پەلی لیٚ بار دەکات..لە ژێر سێبەرەکەی دا دەخەویٚ و بۆ پێشبڕکێی بەکار دێنیٚ.. بەکوشتنەوەی حوشتر لە گۆشتەکەی دەخوات و لە مووەکەیدا عەبا و چادر و کەل و پەلی لیٚ دروست دەکات، لەکاتی پێویستیدا کە سەری دەبڕن ئاوی خەزنکراوی ناو گەدەی دەخۆنەوە

# ڕێوییەکی لاواز



هەبوو نەبوو ڕێوییەکی لەڕ و لاواز هەبوو چونکە بەردەوام لە بیری پیلانگێڕی بوو چۆن فڕ و فێڵ لەم و لەو بکات، ئەمەش وایکردبوو ناوی بە ڕێویە فێڵباز بڕوات.

ڕۆژێکیان لەناو دارستان پیاسەی دەکرد، لەناکاو لەدەنگی جریوە جریوی چەند بەچکە چۆلەکەیەکدا* سەری هەڵبڕی، تەماشای کرد ئەوە بەچکەکان لەناو هێلانەی سەر دارێکی بەرزو بڵندا دەندووکیان بۆ ئاسمان هەڵبڕیوە تا دایکیان دان و ئاویان بداتێ.

ڕێوییەکە لەجێوە وەستا، کەمێ بیری کردەوە چۆن تەڵەیەك دانێتەوە وابکات دایکی بەچکەکان قایلکات یەك لەبەچکەکانی بداتێ بیخوا، بەهەڵپەیەکەوە سەری بەرزکردەوە، بەدەنگێکی نەسازەوە ڕووی کردە

دایکانەکە و پێی وت: ئەی چۆلەکەی نازدار بۆی هەیە چاك بمناسی من لەوانە نیم هەڕەشە و گوڕەشە لەکەس بکەم، بەڵام ئەگەر بمەوێ تۆڵەی خۆیشم لەیەکێك بکەمەوە ئەوە بەتوندی سزای دەدەم، سەرت نەیەشێنم حەزدەکەم بەقسەی خۆش پێت بڵێم کە یەك لەو بەچکانەتم بۆ هەڵدە خوارەوە برسیمە بیخۆم، ئەگینە ناچارم بکەیت ئەوە ئەم دارە دەلەقێنم و لەجیاتی بەچکەیەك، هەموو بەچکەکانت بەردەدەمەوە، بۆیە پێمخۆشە ژیانی سێ بەچکەت بەقوربانی بەچکەیەك نەکەی.

چۆلەکەی بەستەزمان دەستی بە گریان کرد و وتی: ئاخر هەموویانم وەکو یەك خۆش دەوێ، تکایە لەبەرت دەپاڕێمەوە ئەو کارەم لەگەڵ مەکە.

ڕێویەکە بەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی: دەڵێی لەزمانم ناگەی؟ من ئەوە قسەی خۆمم کرد و تا ئەو خوارە شۆڕ دەبمەوە دواتر دێمەوە، هاااا جوان بیر لەقسەکانم بکەوە، ژیانی سێ بەچکە بە بەچکەیەك مەگۆڕەوە، ئەوە ڕۆیشتم.

دوای ئەو قسانە پێی هەڵێنا و ڕۆیشت، بۆ خوارەوە شۆڕ بووەوە، لەو ئان و ساتەدا کۆترە باریکەیەك بەئاسمانی ئەو دەوروبەرە دەسووڕایەوە، هەر لەئاسمانەوە هەستی بەنیگەرانی دایکە چۆلەکە کرد.. هاتەخوارەوەو لەسەر یەك لە لقەکانی ئەو دارە نیشتەوە، بە پەرۆشەوە لێی چووە پێش ولێی پرسی: چۆلەکە گیان ئەوە بۆچی دەماوی؟

دایکە چۆلەکە بەسەرهاتی خۆی و ڕێوی فێڵبازی بۆ گێڕایەوە وتی: ئەگەر بەچکەکانم نەختێ هەراشتر بوونایە و بیانتوانیایە بفڕن ئەوە دەچووینە سەر دارێکی دیکە و هێلانەیەکی دیکەم بۆ چێ دەکردن.

کۆترە باریکە تۆزێك هەستی ڕاگرت وسەیری دارەکەی کرد ئەوەندە ئەستوور و ئەوەندە بەرزە، دایە قاقای پێکەنین و ڕووی لەچۆلەکەکە کرد، بەزەردەخەنەیەکەوە وتی: من بەئەقڵ گێلیت پێ دەکەنم، تۆ بەس بەجوانی سەیری ئەم دارە بکە ئەوەندە ئەستوورە، چما بەباوکی ڕێویش دەلەقێ، خۆ بەرزی دارەکەیش بەشێوەیەکە ڕێوی خۆی لەبەرد بدا و بکوژێ ناتوانێ پێیدا هەڵبگەڕێ و بێتە سەرەوە، یەکێك زۆر هەڕەشەی کرد ئەوە بزانە هیچی لەبار نییە، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم ئەگەر هاتەوە هەرچیەکی کرد لێی بێ ترس بە، دەی ئیتر نیگەران مەبەو نەختێ پێبکەنە.



دایکە چۆلەکە فرمێسکەکانی سڕیەوە و بۆی پێکەنی..کۆترە باریکە لەشەقەی باڵیدا و ڕۆیشت.. هێندەی نەبرد ڕێویەکە هاتەوە، هات لە

ژێر دارەکە وەستا و بەدەم قاقای پێکەنینەوە سەری هەڵبڕی و وتی:
هااااا، چۆلەکەی بەستەزمان، هاااااا بڕیاری ژیرانەی خۆت دا؟
دایکە چۆلەکە ڕووی لەڕێویەکە کردو وتی: ڕێوی فێڵباز من نەك بەچکەیەك، دەنووکی بەچکەیەکیشت پێ نادەم.. بڕۆ چیت نەکردووە، بیکە.
ڕێویەکە چاوەڕوانی قسەیەکی لەو شێوەیە نەبوو، چاو ئەبڵەق بە تەوسەوە وتی: ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی، کێ ئەو تەگبیری بۆ کردووی ئەو قسە زلانە بکەی.
کە هەردوو دەستی لەدارەکە گیر کرد، درێژەی بەقسەکانیدا: ئێستا چارەت دەکەم، هاااا، ئێستا خاترت دەگرم یەك لە بەچکەکانتم بۆ بەردەدەیتەوە یان هەموو بەچکەکانت تەفرو تونا بکەم؟
دایکە چۆلەکە وتی: ئەدی چاوەڕێی چی ، دەی ئەو دارەم بۆ لەبنەوە هەڵکەنە وابێ منیش بگری و لەگەڵ مندا بەچکەکانیشم نۆشکەی.
ڕێوییەکە لەناخەوە بەخۆی وت: بەخودای یەکێك ئەو تەگبیرەی بۆ داناوە دەنا ئەوەندە بێ منەت قسە ناکات، واباشە ڕێگەی دووەم بگرمەبەر.



کە دیسان سەری بۆ سەرەوە هەڵبڕی و ڕووی کردە چۆلەکەکە، وتی: هاااا، ئێستا چی دەڵێی؟ یەك لەبەچکەکانتم بۆ بەردەدیتەوە یان بەو دارە هەڵگەڕێم و بێمە سەرەوە تۆ و بەچکەکانت بخۆم.

دایکە چۆلەکە وتی: دەی خێراکە وا من و بەچکەکانم چاوەڕێتین بێی بمانخۆی.

ڕێویەکە هەستی کرد دایکە چۆلەکە گاڵتەی بەقسەکانی دێ و ئەویش ناتوانێ نە بچێتە سەر دارەکە و نە دارەکە بلەقێنێ، بەناچاری دەستی لێهەڵگرت و ڕۆیی.

دایکە چۆلەکە هێندە پێکەنی تا وایلێهات بەسەرهاتی ئەو پێکەنینە بەنێو دارستان بلاّوبووەوە، هەر گیانلەبەرێك چاوی بەو ڕێویە بکەوتایە دەیدایە قاقای پێکەنین.. ڕێویەکەیش لەفیتی خۆی گەیشتبوو، زانی هەمووان بەو پێکەنینە گاڵتەی پێدەکەن، بەناچاری ئەو شوێنەی بەجێ هێشت و بەرەو دارستانێکی دیکە ڕۆیشت.

*چۆلەکە: (کویێشکە – کێشکە – پاساری)شی پێ دەڵێن.

* * *



لەبلاّوکراوەکانی نووسینگەی ( برایەتی )

ژ. مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٧٦٤٦٤

............